# بەرامبەر هەرەشەكانی توركیا با پێشوازی لە بانگەوازكەی چاك بكەین ....

رزگار كۆچەر
Rzgar_prees@hotmail.com

لەگەل دەست پێ كردنی زمانی هەرەشە و كۆكردنەوەی لەشكری جنەراڵە تۆرانیەكان لە سنوری كوردستان , شەقامی توركی و پارتە رەگەزپەرستەكانی هەڵساون بەنەخشاندن وبلاوكردنەوەی ئالای دەوڵەتەكەیان , وەك بلێی خۆیان بۆ شەرەێكی درێژخایەن ئامادەكردبێت , ئەگەر چی حكومەتی توركیا چەندین شێوازی جیاجیای گرتۆتە بەر تا شەرعیەت بە لەشكركێشی خۆی بدات و راوەدونانی هێزی گریلای كوردستان بكاتە بیانویەك بۆ تێكدانی باری ئەمنی و ئاوەدانكردنەوی كوردستان, تا لەشكركێشی ببێتە بەربەست بۆ جێ بەجێ كردنی مادەی 140 .... بەلام لای چاودێرانی سیاسی ئەو پروپاگندە زۆرەی پارەتە رەگەز پەرستەكانی توركیا بۆتە هاوكارێك بۆ زێدە تر بوونی گیانی نەتەوەپەرستی لای هاولاتیانی تورك لە ناوخۆ و بەرزكردنەوەی وەرەی داتەپیووی ئەو سەربازانەی كە رەوانەی بەرەكانی شەر دەكرێن , بەرامبەر ئەمەش لە باشوری كوردستان رۆژ لە دوای رۆژ هەرەشەی كەمالیستە تۆرانیەكان زیاتر دەبێت , هەست دەكرێت هاولاتیان لە دلە راوكێ دەژین و گیانی نیشتمان پارێزی و نەتەوەپەرستی بە هۆی گەندەلی و كەم تەرخەمی هەندێ كەس و لایەنی سیاسی بەرەو كەز بوون دەچێت , تەنانەت هەندێ لە هاولاتیان بە زمانێك قسە دەكەن مرۆڤی كورد شەرم دەكات هەلوەستە لەسەریان بكات چونكە ئەوان دەمێكە خۆیان یەك لا كردۆتەوە و قەتیش گیانی بەرخوادن و بەرنگار بوونەوەی دوژمانانیان نەكردۆتە ئامانج , بەلكو ئەوان هەردەم لە ئازری بونەتە كورو لە هیچ لە خۆراش شەرەفی دەستەكەوتەكانی شەهیدان و گەلیان لە هەموو كەس زیاتر بەركەوتووە , چونكە ئەوان خۆشگوزرانی خۆیان و منداڵەكانیان بە هەموو دونیا نادەن , هەندێ لەوانەی كە تەنها لە رۆژی خۆشی و شادی ئالای كوردستان بە برۆكیان هەلدەدەن ئێستا گەندەلی دەكەنە هەنجەت و بیانوو بۆ پارێزگارینەكردن لە ولات , هەست بەوە ناكەن كە گەورەیەی نیشتمان لەوە زۆر گەورە ترە مرۆڤ لەپێناو هەندێ دەست كەوتی تایبەت پابەندی نەتەوە و خاك و نیشتمان بێت و مل بۆ داگیركارو دوژمن شۆر بكات تا تەرو وشك بەیەكەوە بسووتێت..

ناوەندی چاك وەك هەموو دەست پێشخەریە نیشتمانیەكان و پرسە نەتەوایەتیەكانی تری لەم ماوەیە پێشنیارێكی پیرۆزو شایستەی لە ماڵپەرەكان بلاو كردەوە كە تێیدا داوا لە گشت كوردستانیانی ناوەوە كرا ئالای كوردستان لە ماڵەكانیان یان لە گشت شوێنە جیاجیكانی ولات بەرز راگرن , بەلام زۆر بەداخەوە تا ئێستا ئەم پێشنیارە وەك پێویست پێشوازی لێنەكراوە و راگەیاندی كوردیش لەمەر پێشنیارەكەی ناوەندی چاك كەم تەرخەمە !!

دەنا بۆ دەبێت لە رۆژێكی وەك ئێستا كە هەرەشەی داگیر كردن و بەزاندنی سنور رۆژ لە دوای رۆژ نزیك دەبێت ولات بە پەردەیەك لە نا ئومیدی دا پۆشرێت , ئالای پیرۆزی كوردستانیش لە دلە راوكێی بەرز راگرتن و بەرزكردنەوەی ئەو دەستە بێت كە ئیمرۆ لە هەموو كات زیاتر چاوەرێ دەكات ..

دەبا هەمووومان لە رۆژێكی وەك ئێستا پێشنیارەكەی ناوەندی چاك پێشوازی لێبكەین و كوردستان بكەین بە پارچەیەك لە ئالای كوردستان تا هەموو دوژمنانی كورد چاویان بەم ئالایە كوێر بێت .......